ڕۆژی گەل — ژمارە (247) یەکشەممە 2010-10-10
ROJî GEI , Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

# باسکال مەشعەلانی مانگی هەنگوێنی تەواو دەکات




پەیامنێران هەمیشە بەدوای ژیانی تایبەتمەندی هونەرمەندانەوە دەگەڕێن، چونکە بەوهۆیەوە بازاڕی خۆیان گەرم دەکەم، لە ڕووداوێکی کەم وێنەدا، ڕۆژنامەوانان بەدوای ئاهەنگی زەماوەندی باسکال مەشعالانی و مولحیم ئەبو شەدید گەڕان و لە قوبرس دا ئەوانیان دۆزیەوە.

ڕۆژی یەکی ئەیلول ئەو دووانە ئاهەنگی زەماوەندیان گێڕا، کە تەنیا خزم و هاوڕێ نزیکەکانی خۆیان بانهگێشت کردبوو.

زەماوەندەکەیان بە ئێوارەخوانێک لە کەنار دەریا دەستی پێکرد، دەڵێن پاسکال مەشعەلانی عەزیەکی کورتی سادەی لەبەرکردبو لەگەڵ زاوادا بە ئاواز و مۆزیکی یۆنانی سەمایان دەکرد. چەند شەوێک لە قوبرس مانەوە، دوات ربۆ تەواو کردنی مانگی هەنگوینییان بەرەو فەرەنسا و ئیتالیا ڕۆیشتن.

هەواڵی زەماوەند و جیابوونەوەی هونەرمەندان زۆر بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە، جەرەس سکوپ پێش چەند ڕۆژێک ڕایگەیاند کە رامی لە سیرین ئەبوزێنی دەستگیرانی جیابۆتەوە، ئەمە لە کاتێکدابوو کە بڕیار بوو لەم مانگەدا ئاهەنگی زەماوەند بگێڕن.

دەڵێن کۆمەڵی عەرەبی زۆر بە قسەو قسەلۆکن،ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە کە وائیل کفوری و نیلی مەقدیسی لە ساتی پەیوەندییەکی تایبەتییدا پێکەوە بینراون، جلوبەرگی مەلەیان لە بەردابووە، لە هاوینەهەوارێک لە کەنار دەریادا بە جووتە ڕاکشاون.

هەڵبەت ژنانی کوردستانیش حەز بەو هەواڵانە دەکەن بۆیە ڕۆژی گەل بڵاوی دەکاتەوە.




## فڕگە

لە هەموو وڵاتانی جیهاندا، فڕگە بە دەروازەیەکی پتەو و گرنگ و پارێزراو دادەندرێ. کەسانی لێزان و لێهاتوو سەرپەرشتی دەکەن و بەڕێوەی دەبەن.

خۆشبەختانە ئێستا هەرێمی کوردستان خاوەن دوو فڕگەی نێودەوڵەتیە، لەوێوە دەتواندرێ ڕاستەوخۆ بەرەو وڵاتانی جیهان بفڕیت! بۆیە وا دەخوازێ و پێویست دەکات کە ئاسایشی پارێزراوو کۆنترۆڵ کراو بێت.

پارێزراو بەو مانایەی کە ناحەزان و تیرۆریستان نەتوانن لێیەوە بێنە ژووری و ئاسایشی وڵات بشێوێنن. کۆنترۆڵکراو بەو واتایەی کە داواکراو، تۆمەتبارو بکوژ نەتوانن لەوێوە دەربچن و لە دەست دادگەو یاسا ڕابکەن، بەڵام ئایا فڕگەکانی ئێمە ئاگایان لەو هاوکێشانە هەیە؟!

لە ڕۆژانی ڕابردوودا مێدیاکانی کوردستان هاواریان لێهەڵساو ڕایانگەیاند کە تۆمەتبار و بکوژێکی ناسراو لەڕێی فڕگەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە تێی تەقاندوەو بەرەو بەهەشتی ئەوڕوپا فڕیوە!

کەسێکی داواکراو لەلایەن دادگەوە کە بە ڕۆژی ڕووناک و بە بەرچاوی هەموانەوە، دەرچوونی لە دەروازەی ئاسمانیەوە کارێکی ئاسان نیە، لێکدانەوەی زۆرتر هەڵدەگرێ، هەربۆیەش چالاکوانانی بواری مافەکانی مرۆڤ هاواریان لێهەڵساوە.

دەرچوون و ڕاکردنی تۆمەتبار و داواکراوێک ئەگەر نەناسراو بێت، هێندە گلەیی هەڵناگرێ و پاساوی بۆ دەدۆزرێتەوە، بەڵام تێتەقاندنی قاسم ئاغای کۆنە موستەشار پاساو هەڵناگرێ، چونکە ئەو کاتەی ئەو لە کوردستاندا بوو، کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان کەمپینیان پێکهێنابوو، داوایان دەکرد کە بگیرێ و ڕادەستی دادگە بکرێ، لە دادگەکانی کوردستاندا چەندین سکاڵای لە دژدا تۆمار کرابوو، تەنانەت کەمپینەکە نامەیان بۆ بەرپرسانی هەرێم ڕەوانە کردبوو، لێیانخوستبوون کە دەستگیر بکرێ، چونکە بە بەڵگەوە دەستی لە شەهیدکردنی 90 پێشمەرگەدا هەبووە، هەروەها لە شالاوی ئەنفالکردنی کورداندا 539 مرۆڤی سڤیل و لاشەڕی ڕادەستی ڕژێمی بەعس کردوە و ڕەوانەی چاڵەکانی مەرگ کراون.

لەبەر بەرژوەندی باڵای گەل وادەخوازێ کە هەر بەپەلەو بەزوویی بەدواداچوون بۆراکردنی قاسم ئاغا بکرێ.

**ڕۆژی گەل**

# هەڤاڵ ئیبراهیم حەز دەکا ئاگای لە سیاسەت هەبێ



هەڤاڵ ئیبراهیمی گۆرانیبێژ لە دیدارێکی چرا تی ڤی دا ڕامانی خۆی سەبارەت بە خۆشەویستی دیارکردوەو گوتویەتی: خۆشەویستی زۆر ڕامانی جیاواز دەدات و بەتایبەت پێویستە بۆ گۆرانیبێژان.

هەر لەو دیدارەدا ئاشکرای کردووە کە کلیپی گۆرانی عەزیزە دوایین کاری ئەو بووە، زیاتر بە شێوازی کۆمێدی ئەنجام دراوە، لەو بارەیەوە گوتویەتی: حەزم کرد ئەم کلیپە جیاواز بێت لەگەڵ ئیشەکانی ڕابردوومدا، هەستم کرد دەبێ گۆرانیەک بکەم جیاواز بێت لەبەر ئەوەی تا بتوانم بەردەوامی بدەم بە ئیشی نوێ.

هەڤاڵ ئیبراهیم سەبارەت بە سیاسەت گوتویەتی: زۆر موتابەعەی خەبەری سیاسی دەکەم و حەزم لێیە ئاگاداری سیاسەت بم زانیاریم لەسەر هەبێت، لەبەرئەوەی کاری هونەری هەندێک گرێدانی بە کاری سیاسیەوە هەیە.

هەڤاڵ گوتویەتی: لەگەڵ وەرزش باشم و حەزم لە یاری (پینگ پۆنگ و مەلەوانی و تۆپی پێیە) و پشتیوانی یانەی باش دەکەم.

# عەزیز وەسی سەبارەت بە سروە دەدوێ

عەزیز وەسی سەبارەت بە دوایین ئەلبومی خۆی کە ناوی سروەی لێناوە، بۆ ڕاگەیاندنی چوار ستار دواوەو ئاشکرای کردوە کە ئەم ئەلبومە جیاوازییێکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوانەی پێشوویدا نیە. لەدرێژەی قسەکانیدا گوتویەتی: جیاوازییەکی وەهای نیە لەگەڵ سیدیەکانی ترمدا، تەنها ئەوەندە نەبێت ئالەتی مۆسیقی اتری تێدا بەکارهاتووە، دوو گۆرانیشم جیاوازتر وتووە کەیەکێکیان ئەوەی هەرمێ هەڵوژەو قەیسیە کەلەسەر خۆمە، مامۆستا سەید ئەحمەدو ئەوان کاریان تێدا کردووە، لەتاران میکسء ماسترین کراوە، تەنها کلیپم بۆ ئەو گۆرانیە کردووە کەلەسەر خۆمە، ئەکتەرێکی سینەمایی دەوری تێدا بینیوە شوکا شامبایەتی) خۆشم ئەو ئەکتەرەم لەتارانەوە هێناوە بۆ ئەحمەد ئاواو لەوێ دەوری بینیوە، کاک بەختیار لەسویدەوە هتووەتەوەو ئەو ئیشەی بۆ کردوم، هیوادارم بەدڵی بینەران بێت. دەبێت سەرەتا ئەکتەر بیت ئەوکات گۆرانی بڵێیت.

عەزیز وەسی سەبارەت بە ڕەفتاری هونەرمەند، گوتویەتی: هونەرمەند دەبێت ئەکتەر بێت ئەوکات گۆرانی بڵێت، چونکە تۆ ئەگەر دەور نەبینیت لەگۆرانیەکانی خۆتدا چۆن دەتوانیت ئیشێکی جوان بکەیت، ئەگەر من تەنها سەیری ئەوکەسانە بکەم کەهەڵپەرکێ (دانسم) بۆ بکات، کلیپەکە ناچێتە دڵی بینەرەوە، بەڕای من تەواو باوەڕم بەوە هەیە دەبێت سەرەتا ئەکتەر بیت ئەوکات گۆرانی بڵێیت، ئەو پرۆگرامەی تاتڵیساس کەکردوم بەبێ بەرامبەر بووە زیاتر بۆ خزمەتی ئەو ماڵە هەژارانە بووە بۆیە بەگۆرانیەوە دەچمە ماڵەکان هەتا هەست بەهەژاری نەکەن، چونکە ئەگەر من بەگریانەوە یان بکرۆزێمەوە ئەو ماڵە زیاتر هەست بەفشاری دەرونی دەکەن، سەبارەت بەبەرنامەی بەرنامەش من ئەگەر جەماوەر پێم بڵێن برۆ بەشداری بکە لەبەرنامەی بەرنامەدا ئەوە بەبێ دودڵی بەشداری دەکەم، چونکە من موڵکی جەماوەر.

**سەرچاوە: چوار ستار**

# چاوی کچێک پزیشکەکان سەرسام دەکات




چاوەکانی کچێکی ئوسترالی پزیشکەکانی سەرسام کردوە، چونکە لە هەفتەیەکدا چوار ڕۆژ دەبینن و سێ ڕۆژیش دادەخرین و هیچ نابینن.

پزیشکەکان هەست بەسەرسوڕمانێکی زۆر دەکەن لەو حاڵەتەی ئەو کچە بەدەستییەوە دەناڵێنێت کەناوی ناتالی ئادلرەو تەمەنی 21 ساڵانە.

جاستین ئەوادی سەرۆکی بەشی چاوی لەنەخۆشخانەی ڕۆیاڵ گیکتۆریا ئای ئاند ئێر دەڵێت: ئەوە حاڵەتێکی زۆر سەیرەو تائێستا هیچحاڵەتێکی لەو شێوەیە تۆمار نەکراوە. ئادەڵر بەڕۆژنامەی هیراڵد سەنی ڕاگەیاند: لەتەمەنی 17 ساڵییەوە لەهەفتەکەدا سێ ڕۆژ نابینام، هەردوو چاوم سێ ڕۆژ

دادەخرێن و دواتر لەچوار ڕۆژی تردا دەکرێنەوە، جاری واهەیە دەچم سەر جێگەی خەوتن چاوم کراوەیە بەڵام کەهەڵدەستم هیچ شتێک نابینم.

ناتالیا دەڵێ لە هەژدەمین جێژنی لەدایک بوونم داخرابوون، بەڵام لە بیست و یەکەمین جێژندا خۆشبەختانە چاوەکانم کرابوونەوە، واتە لە سێ ڕۆژی کرانەوەدابوون.

# فیلمی دەنگی قەڵەم لە پۆڵەندا نمایش دەکرێ

فیلمی دۆکیومێنتەری دەنگی قەڵەم کەماوەکەی 25 خولەکە و باس لەپێشێلکارییەکانی بەرانبەر بەڕۆژنامەنوسان لەهەرێمی کوردستان دەکات ، لەفیستیڤاڵی نێودەوڵەتی "کامێرا ئۆبسکورا cameraobscura وەرگیراوە کە لەکۆتایی مانگی نۆڤەمبەری ئەمساڵدا لە وڵاتی پۆڵەندا بەڕێوە دەچێت.

ئەم فیلمە کە بەشێکی باس لە چیرۆکی تیرۆرکردنی هەردوو ڕۆژنامەنوس سۆرانی مامە حەمە و سەردەشت عوسمان دەکات، لە شاری هەولێر ڕێی پێنەدرا نمایشبکرێ، هەروەها لیژنەی فیستیڤاڵی فیلمی دۆکۆمێنتەری هەڵەبجە لەبەڕێوەبەرایەتی سینەمای سلێمانی فیلمەکەیان وەرنەگرت بۆ نمایشکردن.

فیلمی دەنگی قەڵەم لەدەرهێنانی 'ئاوات عەلی'یە، یەکەم بەرهەمی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی نالیا (NRT) یە، ئەحمەد مەحمود کاری مۆنتاژ و ڕێبین جەلال و حەیدەر عومەر کاری وێنەگرتنیان بۆئەنجام داوە.

فیلمی دەنگی قەڵەم پێشتر لە چلەی ماتەمینی شەهید سەردەشت عوسمان لەهۆڵی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی نمایش کراوە.

**ئاوات عەلی**

**دەرهێنەری فیلمی**

**دەنگی قەڵەم**